

# گەنجان چ دیموکراسییەك دەپارێزن ؟

هەڵكەوت عەبدوڵلا دەینوسێت
halkautabdulla@yahoo.com

دیموکراسی یەکێکە لە شێوازەکانی ڕێکخستنی دەسەلات، کۆمەڵێك میکانیزم، دامەزراو، بیروڕاو بەهایە. بۆیە کـــاتێك بمانەوێ ڕژێمێکی دیموکراتیانە دابمەزرێنین، دەبێت باسی دوو مەسەلە بکەین: یەکەم چەندین میکانیزمی دیاریکراو، وەك بوونی پـــەرلـەمان، مافی لێسەندنەوەی بڕوا بە وەزیرەکان، هەڵبژاردنی ئازادانە، لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دادگای سەربەخۆ.
دوەم بوونی کۆمەڵێك بەهاو نموونەی بەرزو بیروڕا، ئەوەی پێیدەوترێ نموونە بەرزەکانی دیموکراسی. واتە بۆ ئەوەی دیموکراسی بەناخدا بچێتە خوارەوەو ڕەگ دابکوتێو خونچەبکات لە کۆمەڵگەدا، پێداویستیو کەرەستەی تایبەتی گەرەکە.

لێرەدا گرنگە بپرسین: ئایا ئێمە ئامادەین بۆ ئەوەی باجی دیموکراسی بدەینو سەرەنجامەکانی قبوڵبکەین؟ مەبەستمە بڵێم، یەکێك لە کێشەکانی دیموکراسی لای ئێمە ئەوەیە کە دیموکراسیو پێکهاتەی کۆمەڵگەکەمان تەبانین لەگەڵ یەکتردا. هەتاکو ئێستا بنەمای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هاووڵاتی نییە، بەڵکو عەشیرەت، تیرە، گرووپ، تەکەتولو شتی ترە. دیموکراسی کاتێك لە خۆرئاوا گەشەیکرد ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە بوونیان نەبوو، بەڵکو باس لە هاووڵاتیو مافی دەنگدانی هاووڵاتیو هەڵبژاردنی هاووڵاتی دەکرا لەسەر بنچینەی لێهاتوویيو پرۆگرامی دیاریکراو، نەك هەڵبژاردنی کەسێك لەسەر بناغەی ئینتیمابوون بۆ ئەم یان ئەو عەشیرەت، تیرە، گرووپو تەکەتول. کەواتە ڕاست نییە کاتێك دەوترێت میللەت نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەندام نمایندەی خۆی بۆ ئۆرگانەکان دەستنیشاندەکات، بەڵکو ئەوە فلانە عەشیرەت، تیرە، گرووپ یان تەکەتولە دەڵێت فلانە کەس هەڵبژێرنو زۆربە فەرمانەکەی جێبەجێدەکەن.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر حیزبێك لەسەر بنچینەی عەشیرەتگەریو گرووپگەریو تەکەتولگەری بنیاتنرا، دەتوانێت خزمەتی گەشەکردنی سیاسیی کۆمەڵگە بکات؟ ئایا مەبەستی سیاسییەکانی کوردستان جێگیرکردنی دۆخی عەشیرەتگەریو گرووپگەریو تەکەتولگەرییە یاخود بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر بناغەی هاوڵاتیبوون، ئەو هاووڵاتیانەی هەمان مافو ئەرکیان هەیە، لەبەردەمی یاسادا یەکسانو بەپێی تواناو لێهاتوویی دەرفەتیان لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا بۆ دەڕەخسێنرێت؟ پێموایە هاووڵاتی پێویستە ئینتیمای بۆ بیروڕایەکی سیاسیو پرۆژەیەکی دیاریکراو هەبێتو کاتێك حیزب دەگۆڕێت بۆ مەیدانی کۆکردنەوەی کەسەکان لەسەر بنچینەی عەشیرەتگەریو گرووپگەریو تەکەتولگەری، ئەوا ئەوە نیشانەی سەرەتایەکی نادروستی دیموکراسییە.

خاڵێکی دیکە دەربارەی مەسەلەکە ڕۆشنبیریی دیموکراتیانەیە. ئایا دەتوانین دیموکراسی بەبێ بوونی دیموکراتەکان بنیاتنێین؟ ئایا خێزانی کوردستان دیموکراتیانەیە؟ ئایا قوتابخانەی کوردستانو سیستەمی خوێندن دیموکراتیانەن؟ ئایا تاکی کوردستان هاووڵاتیەو داوای بەشداریکردنی سیاسی لێ دەکرێت؟ نەخێر وێرای دیموکراسی نەبوونی ئەو کایانە، کەس داوا لە تاکی ئێمە ناکات خۆی بێتو لەو کایانەدا ڕای خۆی دەبڕێ، ئەگەر شەرمنانەش داوای لێ بکرێت، ئەوا بیروڕاکانی بەهێند وەرناگیرێتو فەرامۆشدەکرێن.

دواخاڵ ئەوەیە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حیزبانەدا بکەین کە سەرتاپاگیرانە سەیری دنیا دەکەنو مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکە دەکەن؟ دیموکراسی لە ناوەڕۆکدا هەڵکردنو ژیانە لەگەڵ ئەوی دیکەداو بانگەشەکردنە بۆ کۆنترۆڵنەکردنی حەقیقەت، چونکە هیچ کەسێك یان لایەنێك مافی ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەی نییەو حەقیقەت لای هەموان ڕێژەییە.

ئەوانە بەهاکانی دیموکراسین کە گەلێك ئاقاری سیاسی لای ئێمە بە کردەوە بڕوایان پێی نییەو ئەوەش تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەی بنەمایی خوڵقاندوە.

گەنجی کوردستان پێویستە بڕوایان بەوە هەبێت دیموکراسی کۆمەڵێك بنەمای هەیە کە دەبێت بۆیان تێبکۆشنو بیانپارێزن، ئەویش: قبوڵکردنی پرنسیپی پلورالیزمی (هەمەڕەنگی) سیاسی، ئۆپۆزسیۆنی شەرعی، مافی کۆبوونەوەو ڕادەربڕینو خۆپیشانداندو خۆ ڕێکخستن، جیاکردنەوەو هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی دادگاو سەروەریی یاسا. واتە گەنج لەسەر خاکێك بژی کە یاسا حوکمی بکات نەك سەڵتەزەلامو میزاجی تاکەکەسی، جیاوازیی نێوانیان لەسەر بنەمای تواناو شارەزایی بێت نەك ئینتیمای سیاسیو کۆمەڵایەتی. هەروەها دەبێت گەنجان کار بۆ جێگیرکردنی لێپرسینەوەو لێپێچنەوە بکەن. چونکە نەبوونی ئەوانە دەبێتە هۆی جێگیربوونی ئیستیبدادو بەهەڵەبەکارهێنانی دەسەڵاتو گەندەڵیی هەمەلایەن.

گەنجی ئێمە دەبێت بشپرسێت، کوانێ: ئاڵوگۆڕکردنی هێمنانەو دروستی دەسەڵاتەکان، هەڵبژاردنی سەرڕاستو پاك لە هـەموو کایـەو ئاسـتەکاندا، ڕێزگـرتنو سەروەریی یاسا، سەربەخۆیی دادگاکان، لێپێچینەوەی گەندەڵەکان، شەفافیەت..هتد. چونکە بە دەستەبەربوونی ئەوانە بناغە بۆ ڕژێمێکـی سیاسـیو کۆمەڵگەیـەکی دیموکراتیانە جێگیردەبێتو دەرفەتی ژیانێکی شکۆمەندانەیان بۆ دەڕەخسێت. بـۆ ئـەوەی دیموکراسـیش ببێتـە شـێوازێکی ژیـان نـەك ڕواڵـەتێك، گەرەکـە گـەنجان هۆشمەندیی سەردەمیانەی پێویست بەدەستبهێنن، بەردی بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێن، فشاری مەدەنیانەی ئاشتیخوازانە بهێننو بە وتەو کـردەوە ببنـە هێزێکـی بنیاتنەر لـە کۆمەڵگەدا، نەك توێژێکی خەمساردی پەراوێزکراوو چاوەڕوان.